گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# هەڵسەنگاندنی بەکارهێنانی نەخشە لەپەرتووکی زانستە کۆمەڵایەتییەکان /بابەتی جوگرافیا لەهەرێمی کوردستان /عێراق

**ئارام غریب قادر**
بەشی کۆمەڵایەتی، کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
com.gmail@1aramgareb

**پ.ی.د.سیروان عارەب صادق**
بەشی کۆمەڵایەتی، کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
krd.ued.su@sadiq.Serwan

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٥/٢٢
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٧/١٨
بڵاو کردنەوە:بەهار ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**
Assessment, Map, Social Sciences, Basic, Region

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.1.26

## پوختە

ئامانج لەم تویژینەوەیەدا بریتییە لە هەڵسەنگاندنی بەکارهێنانی نەخشەو دیاریکردنی ڕێژەی نەخشەکان بەسەر هەریەك لە (پێشەکی ، ناوەڕۆك ، کۆتایی )بابەتەکان لە پەرتووکی کۆمەلایەتییەکان ،هەروەها زانینی ڕێژەی بەکارهێنانی نەخشە سروشتی و مرۆییەکان لە پەرتووکەکەدا.
توێژەر ڕێبازی وەسفی شیکاری بەکارهێنا ، نمونەی توێژینەوەکەش بریتییە لە پەرتووکی بابەتە کۆمەلایەتییەکان پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی ،
توێژەر پاش وەرگرتنی ڕای شارەزایان و گەڕانەوە بۆ چوارچیوە تیۆرییەکانی هەڵسەنگاندنی پەرتووکی خوێندن و سوود وەرگرتن لە توێژینەوەی (أحمد ، 2009 ) هەڵسا بە ئامادەکردنی ئامرازی تویژینەوە ،دوای دەرهێنانی ڕاستگۆیی و جێگیریی چەندین ڕێگای ئاماری لەسەر ئامرازەکە بەکارهێنرا وەك (هاوکێشەی جی کۆپەر ، ئەلفاکورنباخ ، پەیوەندی پێرسون ).ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست زۆرترین ڕێژەی نەخشەکان کەوتۆتە بەشی ناوەڕۆکی پەرتوکەکان بەڕیژەی 38،64% و کەمترینیشی کەوتۆتە پێشەکی بەڕێژەی 27،27% ،وە نەخشە سروشتییەکان بەڕیژەی % 58،60 ، نەخشە مرۆییەکان بەڕێژەی % 41،40 بەکارهاتووە، بەپێی ئەو ستاندارانەی نەخشە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەشێوەیەکی گشتی نەخشەکانی پەرتووکی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لەئاستیکی باشدانییە، پێویستە بە پێداچوونەوە و بەرەوپێشبردن هەیە.

## 1.1 پێشەکی و بایەخی توێژینەوەکە :

پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن پرۆسەیەکی فرە ڕەهەند و ئاڵۆزە و دێرینترین دیاردەی کۆمەڵایەتی بەردەوامە لە ڕەوتی ژیانی مرۆڤدا،لەگەل بوونی مرۆڤ دەستی پێکردووە وبەردەوامی هەیە، لەڕەوتی بەردەوامیدا بە فاکتەرە گشتییەکان کاریگەربووە ،گەشەو پێشکەوتنی پرۆسەی پەروەردە پرسێکی سەرەکی بونیادی کۆمەڵگایە ، هاوکات سەرچاوەی دروستبوونی شارستانیەتە،ئامانجی سەرەکی پرۆسەی پەروەردە ئامادەکردنی مرۆڤە بۆ ئەوەی ئەندامێکی چالاك و هەماهەنگی ژیان بێت (قادر ، 2016 ، ل 15 ).

شیکەرەوەی پرۆسەی پەروەردەیی بۆی دەردەکەوێت کە چەند فاکتەرێک هەن کە یارمەتیدەرن لە سەرکەوتنی پرۆسەی خوێندندا کە ئەویش تایبەتمەندیەکانی فێرخواز و مامۆستا و شێوازی فێرکردن و شێوازەکانی و ژینگەی قوتابخانە و خێزان و مەنهەجی خوێندن و کۆمەڵگایە، هەمویان بەشداری لەپرۆسەی پەروەردەیی دەکەن و بۆیە هەر کەموکوڕییەک لەیەکێک لەم بوارانەدا نابێتە هۆی بەدیهێنانی ئامانجی وردی پلان بۆ دارێژراو کە فێربوون و پەروەردەیە، چونکە بەشێکە لەو فاکتەرانەی کە یارمەتیدەرن لە سەرخستنی پرۆسەی خوێندندا.

سەبارەت بە نەخشەکە ئەو جانتایە ڕاستەقینەیە بوو کە زانیاری جوگرافی لە نێو ناوەڕۆکەکەیدا لەخۆ دەگرێت و سەرەڕای زۆری و فرەیی جۆری نەخشەکان لەسەر بنەمای پێوەری وێنەکێشان، یان ناوەڕۆک، باشترین جۆری نەخشەکان ئەو جۆرەیە کە دەتوانێت بە ئاسانی زانیاری بە خوێنەر بگەیەنێت، بۆ گەیشتن بەنەخشە پێویستە کۆمەڵێک توخمی بنەڕەتی لەپێکهێنانی نەخشەدا هەبێت وەک ڕوونی هێماکانی نوێنەرایەتی دیاردەی سروشتی و مرۆیی پشت بەستن بە مۆدێلێکی زانستی لەپێناساندنی ئەو دیاردانەی کە لەنەخشەدا هەیە و هاوسەنگی دابەشکردنی زانیاری لەو شوێنانەی تایبەتە بە خۆی ،هەروەها نەخشە بەشێکە لەژیانی مرۆڤ کە مرۆڤ بەشێوەیەکی کارا مامەڵەی لەگەڵ دەکات و بەکاری دەهێنێت و یارمەتی دەدات بۆ چارەسەرکردنی چەندین کێشەوە و زۆر شت ڕووندەکاتەوە کەنادیارن،

وەک هەر سەرچاوەیەکی تری مەعریفە بە شێوازێکی ڕوون و باوەڕپێکراوی مەعریفە دادەنرێت، بەتایبەتی ئەگەر لەسەر بناغەی زانستی دروست بێت (اللقانی و ئەوانی تر،1995، ل ١٦).

لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی باسکرا دەتوانین بایەخی ئەم تویژینەوە لەم خاڵانەی خوارەوە کورتبکرێتەوە :

1-ئەم تویژینەوەیە دەبێتە هۆی دیاریکردنی گرنگترین جۆرەکانی نەخشە لەپەرتوکی کۆمەلایەتی پۆلی نۆیەم کەپیویستە گرنگیان پێبدرێت لە قۆناغی بنەڕەتی .

2-ئەم توێژینەوەیە ڕێژەی سەدی بەکارهینانی نەخشەکان لەناو بابەتەکان دیاری دەکات .

3-ئەم توێژینەوەیە دەروازیەك لەبەردەم تویژەران دەکاتەوە بەمەبەستی ئەنجامدانی تویژینەوەی زیاتر لەسەر نەخشەو گرنگی نەخشە لە قۆناغەکانی تری خوێندن .

4-ئەم توێژینەوەیە ڕەنگە سوود بە سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی بگەیەنێت لە هاندانی مامۆستایان لەسەر گرنگی بەکارهێنانی نەخشە.

## 2.1 کیشەی توێژینەوە :

پەرتووکی خویندن بە گشتی و بابەتی جوگرافیا بەتایبەتی لە قۆناغی بنەڕەتی یەکێکن لە سەرچاوەکانی گەیشتن بە زانیاری بۆخویندکاران لەهەر کۆمەڵگایەك ، توێژەر لەرێگای پسپۆڕی و شارەزایان لە وانەووتنەوە و ئاگاداربوون لە تویژینەوەکانی پێشوو، لەم ڕوانگەیەوە کیشەی توێژینەوەکەمان لەم چەند پرسیارەی خوارەوە خۆی دەنوێنێت :

1- ڕێژەی چەند لەنەخشەکان بەسەر (پێشەکی و ناوەڕۆك و کۆتایی ) دابەش بوون ؟

2- تاچەند جۆرەکانی نەخشە لە ناو پەرتووکەکە بەکارهێنراوە ؟

3-ئایا هیچ جیاوازیەك هەیە لەدابەش بوونی نەخشەکان لە هەردوو بەشی عیراق و هەرێم لە پەرتووکەکە ؟

4- ئایا تاچەند نەخشە سروشتی و مرۆییەکان لە پەرتووکەکەدا بەکارهاتووە ؟

## 3.1 ئامانجی توێژینەوەکە :

1-هەڵسەنگاندنی بەکارهێنانی نەخشەو دیاریکردنی ڕیژەی نەخشەکان بەسەر هەریەك لە (پێشەکی ، ناوەڕۆك ، کۆتایی )بابەتەکان لە پەرتووکەکە .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2- دیاریکردنی ڕێژەی نەخشەکان بەسەر هەریەك لە (پێشەکی ، ناوەڕۆك ، کۆتایی )لەبەشی عیراق لە پەرتووکەکە .

3- دیاریکردنی ڕێژەی نەخشەکان بەسەر هەریەك لە (پێشەکی ، ناوەڕۆك ، کۆتایی )لەبەشی هەرێمی کوردستان لە پەرتووکەکە .

4-دیاریکردنی رێژەی بەکارهێنانی نەخشە سروشتیەکان وەك (نەخشەی بەرزی و نزمی و ئاووهەواو وفەلەکی ) و نەخشە مرۆییەکان وەك (نەخشەی دانیشتوان و نەخشەی ئابوری و نەخشەی گەشت و گوزار) لەپەرتووکەکەدا.

**4.1 سنوری توێژینەوە :**

1-**لایەنی بابەت :** بابەتی جوگرافیا

2-**لایەنی مرۆیی :** پەرتوکی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لەهەرێمی کوردستان

3-**لایەنی شوێنی :**هەڵسەنگاندنی بەکارهێنانی نەخشە لە پەرتوکی بابەتە کۆمەلایەتیەکان لە قۆناغی بنەڕەتی / بەدیاریکراوی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لەهەرێمی کوردستان .

4-**لایەنی کات :** لە 2021/11/1 تاوەکو 2022/11/1

**5.1 پێناسەکردنی زاراوەکان :**

**1.5.1 هەڵسەنگاندن :**

هەڵسەنگاندن بریتییەلە پرۆسەیەکی ڕێکخراو بۆکۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی دیاردەیەك، پۆلینکردن و شیکردنەوەی دیاردەکە و لێکدانەوەی بۆ زانینی ڕادەی گەیشتن بە ئامانجەکانی فێربوون، ئەمەش بەمەبەستی گەیشتن بوبڕیارە گشتییەکان و بڕیارێکی گونجاو (الکبیسی، 2007، ل 40 ).

هەروەها تویژەر پێی وایە هەڵسەنگاندن بریتییە لە پرۆسەیەکی گرنگی بەرنامە بۆ داڕێژراو ، پێشتر ئامانجەکانی دیاریکراون ،پێویستە داتاو زانیاری گرنگ لەسەر دیاریدەکە یان بابەتەت یان کەسەکە کۆبکرێتەوە بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای ئەم داتاو زانیارییانە بڕیاری کۆتایی لەبارەیانەوە بدرێت.

**2.5.1 نەخشە :**

نەخشە بریتیە لە شێوەیەك یان وێنەی بچووككراوەی ڕووی زەوی كە گشت دیاریدەكان بە بچوككراوەیی پیشان دەدات (مصطفى ، 2000 ، ل 420 ).

هەروەها تویژەر پێی وایە نەخشە بریتییە  لە وێنەیەكی بچوككراوەی گۆی زەوی كە گشت دیاریدە سروشتی و مرۆییەكان تێدا بەدیار دەكەوێت و لە ڕێگایانەوە دەتوانرێت شیكردنەوە و ڕاڤەی دیاریدەكان بكەین .

**3.5.1 جوگرافیا :**

جوگرافیا بریتییە لەو زانستەی كە لێكۆڵینەوە لەسەر ڕووی زەوی دەكات، لەڕووی شێوەو پێكهاتەو مرۆڤ و چالاكییەكانی، كارلێككردنی نێوان مرۆڤ و ژینگەیە بە شێوەیەك، كە هەر یەكەیان كار لەئەیتر دەكات (الدليمي، 2007، ل 33).

هەروەها توێژەر پێناسەی جوگرافیا دەكات بەوەی بریتیە لەو زانستەی كەلە دیاریدە سروشتی و مرۆییەكانی سەر ڕووی زەوی دەكۆڵێتەوە و هەوڵ دەدات جیاوازی نێوانیان دیاری بكات ، هەروەها پێی وایە جوگرافیا زانستێكە بەردەوام لەگەشەسەندن و نوێبوونەوە دایە لەچوار چیوەیەكی دیاریكراو قەتیس نەبووە .

**4.5.1 هەرێم :**

هەرێم بریتییە لەو پارچە زەوییەی كەلە چەند دیاریدەیەك یان چەند دیاریدەیەكی جوگرافیدا لەیەكتری دەچن تا ئەو ڕادەیەی وا لەو پارچە زەوییە دەكات تایبەتمەندییەكی وای هەبێت لە پارچە زەویەكانی دەورووبەری جیاواز بێت (نەقشبەندی ، 1998 ، ل 357).

هەروەها تویژەر پێی وایە هەرێم بریتیە لەو پارچە زەویەی كە زۆربەی تایبەتمەندییە سروشتییەكانی وەك ئاووهەوا و خاك و بەرزی و نزمی... هتد  وتایبەتمەندییە مرۆییەكانی وەك زمان و دانیشتوان ... هتد  جیاوازە لە پارچە زەویەكانی دەورو بەری خۆی .هەروەها تویژەر پێی وایە هەرێمەكان لەقەبارەدا جیاوازن هەیانە چەند ڕووبەرێكی بچووك پێكدەهێنن ، هەشیانە هەزاران كلم دەبن و ڕووبەرەكەیان فراوانە .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**6.5.1 عیراق :**

سەبارەت بە چەمکی عیراق لای زمانەوانیەکان واتە وڵاتانی نزیك دەریا ،لەفەرهەنگی (تاج العروس ) ،ماددەی (ع،ر،ق ) داهاتووە ((هەرپاوانێك بگاتە سەردەریا عیراقە)) هەروەها زمانەوانییەکان وتای دیکەشیان بۆ عیراق داناوە ،هەموو ماناکان لێك نزیکن و واتای خاکی بەپیت و بەگیاوگوڵ و درەخت و ئاوی زۆر و زەبەند و پڕدانیشتوان دەبەخشن(الخلف ، 1959 ، ل436 ).

هەروەها توێژەر پێیوایە عیراق بریتییە لەو وڵاتەی کە کەوتۆتە نێوان هەردوو ڕووباری دیجلە و فوڕات، لەکیشوەری ئاسیا، جیاوازی هەیە لەڕووی ئاووهەوا و بەرزی و نزمی و دانیشتوان لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی تر.

## 2:لایەنی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو

## 1.2 لایەنی تیۆری

### 1.1.2 هەڵسەنگاندن

### 1.1.1.2 جۆرەکانی هەڵسەنگاندن :

کرداری هەڵسەنگاندن بەهەوڵ و کۆششی زانایانی دەرونزانی پەروەردەیی ، وەکو سکرڤیت (screvien ) و بوفام (popham) و بیکر (baker) و ئەوانی تر کاردەکەن بۆبەدیهێنانی ئەرکی جۆراوجۆر، ئەدەبیاتی نوێ لەبواری پەروەردەی زانستی دەرونزانی چەندین جۆریان لە هەڵسەنگاندن تۆمارکردووە، بەپێی گۆڕانی بابەت و مەبەستی هەلسەنگاندنەکە گۆڕانکاری بەسەردادێت ، بەم شێوەیە ئەم پرۆسەیە بەچەندین جۆر پۆڵێنکراوە ، بەپێی ئەو پێوەرەی کەلەپۆلینکردنەکەدا پشتی پێ دەبەسترێت (جامل ، 2001 ، ل 48 ).

1 ـ جۆرەکانی هەلسەنگاندن بەپێی کات و مەبەستی ئەنجامدانی :

**یەکەم/هەڵسەنگاندنی سەرەتایی (uationPrimary Eval):**

ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە ئەنجام دەدرێت پێش ئەوەی پرۆگرام یان بەرنامەی پەروەدەیی جێبەجێبکرێت، ئەم جۆرەیە کە داتاو زانیاری دەدات بە پرۆگرامساز دەربارەی ئەوەی تاچەند بارودۆخەکە گونجاوە بۆجێبەجێکردنی ئەم پرۆگرامە (محمد ، 2005 ، ل 43).

**دووەم/ هەڵسەنگاندنی گەشەپێدان( Formativ Evaluation ):**

ئەم جۆرە هەلسەنگاندنە ئەنجام دەدرێت لەکاتی جێبەجێکردنی پرۆگرامدا لەپێناو دەرخستنی باشیەکانی و دیاریکردنی خاڵە باش و لاوازەکانی ، بەمەبەستی گەشەپێدان و بەرەو پیشبردنی خالەباشەکان و نەهێشتن و چارەسەرکردنی خاڵە لاوازیەکانی ، کەدەبێتە هۆی ئەوەی پرۆگرام لەدۆخێکی گەشەی بەردەوام بێت ( 2002:Barbara ، 21p )

**سێیەم / هەڵسەنگاندنی کۆتایی (Summative Evaluation ):**

ئەم جۆرە هەلسەنگاندنە لەکۆتایی هەموو کۆرس و وەرز و ساڵێکدا ئەنجام دەدرێت ،بەمەبەستی وەرگرتنی بڕیار دەربارەی گواستنەوە و دەرچوونی فێرخواز لەقۆناغێك بۆ قۆناغێکی تر، یان مانەوەی لەهەمان قۆناغ (قەرەچەتانی ، 2013، ل 238 ).

هەروەها هەندێك جار ئەم جۆرە هەلسەنگاندنە لە دوای جێبەجێکردنی پرۆگرام یان بەرنامەکە دەبێت ، بەمەبەستی بڕیار وەرگرتن لەبارەی شیاو یان نەشیاوی بەرنامەکە و بەدەستهێنانی ئامانجەکان ( الظاهر , 1999 , ل 53 ).

**چوارەم /هەلسەنگاندنی بەدواداچوون ( Follow – up nEvaluatio ):**

ئەم جۆرە دوای کۆتایی هاتن لە جێبەجێکردنی پرۆگرام یان بەرنامەکە ئەنجام دەدرێت، پاش ماوەیەك لە هەڵسەنگاندنی کۆتایی ، بۆزانینی کاریگەری دوورمەودای بەرنامەکە و ئەنجامەکانی (الخطیب , 1985 , ل 125 ).

هەروەها توێژەر لە توێژینەوەکەیدا جۆری دووەمی هەڵسەنگاندنی بەکارهیناوە، ئەویش هەڵسەنگاندنی گەشەپێدانە، بەمەبەستی گەشەپێدانی پەرتووکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لەڕووی نەخشەوە، ڕیکخستن و دابەشکردنی نەخشەکان بەو جۆرەی کە گونجاوە بۆ فێرخوازان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**2.1.1.2 خەسڵەتەکانی هەلسەنگاندن :**

**یەکەم / ڕاستی (Validity):**

یەکیك لەو مەرجانەی کەدەبێت بەدیبهێنرێت لەدارشتنی بڕگەکانی ئامرازی هەڵسەنگاندنەکە ڕاستی بوونە ، واتە توانای پێوانەکردنی ئەوشتەی هەبێت کەلەپێناویدا دانراوە(الروسان، 1999 ، ل 31 ).

**دووەم / نەگۆڕی (Reliability ):**

پێویستە پرۆسەی هەلسەنگاندن بناسرێت بەنەگۆڕی ، بەواتای ئەوەی ئەنجامەکانی هةلسەنگاندنەکە وەك خۆی بمێنێتەوە لەکاتی دوبارەکردنەوەی هەلسەنگاندنەکە ، یان کەسێکی دیکە ئەنجامی بدات ، بەبەکارهێنانی هەمان ئامراز (الجمل ، 2005 ، ل 193 ) .

**سێیەم / بابەتی (Objectivity ):**

مەبەست لە بابەتی بوون ئەوەیە کەهۆکار و پاڵنەرە کەسیەکانی خودی هەلسەنگینەر کاریگەری نەبێت لەسەر ئەنجامەکانی هەلسەنگاندنەکە (الساموك والشمری ، 2005 ، ل 134).

**چوارەم / پلاندانان (Planning ) :**

مەبەست لێی دانانی نەخشەیەکی گشتگیرە بۆهەلسەنگاندنەکە ، کەسەرجەم لایەنەکانی پەیوەست بەپرۆسەی هەڵسەنگاندنەکە لەخۆ بگرێت (سرحان و کامل ، 1972 ، ل 154 ).

**2.1.2 نەخشە:**

نەخشە بریتیە لە نواندنی دیاردەکانی جوگرافیای ناوچەیەك یاخود بەشیکی گۆی زەوی لە ڕێگای هێمای تایبەتەوە و لەسەر پارچەیەکی ڕوونەخت ، ئاماژە بەو گۆرانکاریانە دەکات کە بەسەر دیاریدەکان دا دێت ، لەڕووی هۆکارو کاریگەریەکان و دابەش بوونی دیاریدەکان و پەیوەندی نێوانیان (حداد،عبدالرحمن ، 2009 . ل 12).

**1.2.1.2 مێژووی گەشەسەندنی نەخشە :**

پێش ئەوەی باس لە سەدە مێژوویەکان بکەین پێویستە ئاماژە بەوەبکەین کەمرۆڤ نەخشەی زانیووە پێش ئەوەی نوسین بزانێت ، بەڵام بەسەرهەڵدانی نوسین و تێپەڕبوونی کات نەخشە زیاتر گەشەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەند ، بۆیە گەشەسەندنی نەخشە بەدرێژایی مێژووبەردەوام بووە ، بەڵام ئەوەی کە زیاتر یارمەتیدەری گەشەسەندنی نەخشەبووە بریتیە لە :

1-بزوتنەوەی دۆزینەوە جوگرافیەکان لەسەدەی هەژدە یارمەتیدەرێکی فراوان بووبۆ بەرەوپێشچوون و داهێنانی چاپی نەخشەکان (فلیجە ، 2005 ، ل 51 ).

2-هەردوو جەنگە جیهانیەکە لەسەدەی بیستەم ، لەبەر ئەوەی کرداری سەربازی پێویستی تەواوی بەنەخشە بووە .

3-پێویستی بەرهەمهێنانی نەخشە بۆلایەنی مەدەنی لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ژیانی مرۆڤەوەزیادی کردووە(سطیحە، 1977 ، ل47 ).

4-بەرهەمهێنانی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان و تەقەنیاتی نویٚ لەنەخشەوداتاودیجیتاڵیەکان وهەوڵی یەکێتی جوگرافیای نێودەولەتی ( IGU ) کەلەساڵی 1978 هەستا بەزنجیرەیەك گەڕان و گفت و گۆدەربارەی پێشکەشکردنی ئاستی جێبەجێکردن بۆسیستەمی زانیاریەجوگرافیەکان (أبورازی ، 2006 ، ل 29 ).

توێژەر پێیوایە ئاشنابوون بە قۆناغەکانی گەشەکردنی نەخشە گرنگە بۆ توێژەران و مامۆستایان و فێرخوازان، چونکە ناکرێت باس لەبابەتێك بکرێت بێ ئەوەی مێژووی گەشەسەندنی بابەتەکە بزانرێت، بۆیە کاتێك باس لە بابەتێکی گرنگی وەك نەخشە دەکرێت پێویستە بنچینە و چۆنیەتی گەشەکردنی بزانرێت .

### 2.2.1.2 ڕەگەزەکانی نەخشە :

#### یەکەم / ناونیشانی نەخشە :

بەڕەگەزی سەرەکی دادەندرێت لە نەخشەسازیدا،چونکە فکرەی دروستکردنی نەخشە لەم ڕەگەزەوە سەرچاوەی دەگریٚ ،دەستنیشانکردنی ناونیشانەپێمان دەڵیٚ کە (هێما ، ڕەنگ ، پیت ،...) ی ناو نەخشەکە کامەیە ، پێویستە تێیدا دروستی بکەین ، ناکرێت نەخشەیەك دروست بکەبت ، تاکو ناونیشانەکە دیاری نەکەین ، ناونیشان بەخوێنەر دەڵیٚ بابەت و ناوەڕۆکی نەخشەکە چی یە هەروەها دەبێت ناونیشان لەڕووی قەبارەوە گەورە بنوسرێت ، هەوەها پێویستە کورت و چڕبێت(سەعید ، 2017 ، ل 31 ).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**دووەم / کلیلی نەخشە :**

لەگشت نەخشەیەك دەبێت کلیلی نەخشە هەبێت ، گشت هێماو ڕەمزەکان لەکلیل دەنوسرێت ، کلیلەکە لە چوارگۆشەیەك لە چوارگۆشەکانی نەخشەکە دادەندرێت ، گشت دیاردەکان لەناو کلیلەکە ڕوونکراوەتەوە خوێنەر کاتێك هیماو دیاردەکان دەبینێ لەنەخشەکە تێدەگات (الجوهری ، 2007 ، ل282 )

**سێیەم / پێوانەی نەخشە :**

بریتیە لەبەهای ژمارەیی کەپەیوەندی نێوان درێژی و دوری بۆشایەکانی سەرنەخشە دیاری دەکات ، لەبەر ئەوەی نەخشە بچوکترە لەواقعی سەرزەوی ، پێویستی بەبوونی ڕێژەیەکە کەلەڕاستی نزیك بێت ، بۆدەۆخستنی پێوەری نەخشە سێ ڕێگەی سەرەکی هەیە ئەوانیش (پێوەری ڕاستەوخۆ ، پێوەری کەرتی ، پێوەری کەرتی )(داود ، 2013 ، ل26 ).

**چوارەم /هێڵەکانی درێژی و بازنەکانی پانی :**

بازنەکانی پانی و هێڵەکانی درێژی کۆمەڵەهێڵێکی خەیاڵین لەسەر زەوی دانراوە ، بۆزانینی شوێن و کات ، هێڵەکانی درێژی پێوانی ماوەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای دیاریکردووە ، ژمارەیان (360 ) هیڵە لەجەمسەری باکور بۆ جەمسەری باشور درێژ دەبنەوە ، هەرچی بازنەکانی پانیە باکور و باشوری زەوی پێ جیا دەکرێتەوە شوێنی دیاردەکان دیاری دەکات ، ژمارەیان (180) بازنەیە ماوەی نێوان بازنەیەك بۆبازنەیەکی تر (111،1) کلم (سطیحە ، 1977 ، ل 107 ) .

**پێنجەم / سەرچاوەی نەخشە :**

سەرچاوەی نەخشە بابەتێکی ئەخلاقی و ئەکادیمی گرنگە ، چونکە گرنگە تویژەر ئاماژەبەو سەرچاوە ڕەسەنانە بکات کە زانیاریەکانی لێ وەرگیراوە ، ئەم سەرچاوانەش یان دام و دەزگای حکومیە ، یان تویژنەوەی ڕومالّی تویژەرە ، یان ئاماری فەرمی ناوخۆیە یان جیهانیە (ال طعمە ، 2012 ، ل 10ـ11 )

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**شەشەم/چوارچیوەی نەخشە :**

بەیەکیك لەڕەگەزە گرنگەکانی نەخشە دادەندرێت ئەوەی مەبەست لێی ئەوەیە کە لە دەرەوە قەبارەی نەخشەکە دەوری چییە، و یەکێکە لە دیارترین سوودەکانی هەبوونی چوارچێوە: دیاریکردنی ئەو بەشەی کە نەخشەکە ئاماژەی پێدەکات. ئاسانە بۆ کێشانی تۆڕی پانی و درێژی لەسەر نەخشەکە( mawdoo3.com)

**2.2 توێژینەوەکانی پێشوو :**

**1ـ توێژینەوەی احمد (2009) :**

،، هەڵسەنگاندنی بەکارهێنانی نەخشە لەپەرتوکی جوگرافیا لە قۆناغی بنەڕەتی لە فەلەستین ،،

ئەم توێژینەوەیە لەساڵی 2009 لە وڵاتی فەڵەستین ئەنجامدراوە ، بەئامانجی هەڵسەنگاندنی بەکارهێنانی نەخشە لە پەرتوکی جوگرافیا ، توێژەر بۆگەیشتن بە ئامانجی تویژینەوەکەی ڕێبازی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە ، نموونەی تویژینەوەکەی پێکهاتووە لەپەرتوکی جوگرافیا لەقۆناغی بنەڕەتی لەپۆلی پێنج تاکوو پۆلی دە لەفەڵەستین ،هەروەها تویژەر فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێناوە بۆدەستکەوتنی داتاو زانیاری، توێژەر لە توێژینەوەکەیدا لەلایەنی ئاماری (پەیوەندی پێرسون ، ڕێژەی سەدی ) بەکارهێناوە ، لەکۆتاییدا ئەنجامی تویژینەوەکە بریتی بوو لە بوونی لاوازی لە بەکارهێنانی نەخشە لەخوێندن ، هەروەها سەبارەت بە جۆرەکانی نەخشە بەشێوەیەکی گشتی نەخشەی سروشتی (4،30%) بەکارهاتووە ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە ، هەلەنەخشەی سروشتی نەخشەی فەلەکی (0،5%) بووە ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر کەمە ، لەنەخشەی مرۆیی نەخشەی سیاسی (3،24%) بەکارهاتووە ئەمە ڕێژەیەکی بەرزە ، بەڵام نەخشەی گەشتوگوزار یورێژەی (0%) بووە ئەمەش ڕێژەیەکی یەکجار لاوازە.

**2ـ توێژینەوەی احمد ( 2006) :**

،،هەڵسەنگاندنی پەرتوکی بنەماکانی جوگرافیا و نەخشە بۆپۆلی یەکەمی ئامادەیی لە سودان،،

ئەم توێژینەوەیە لەوڵاتی سودان لە سالی 2006 ئەنجامدراوە ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لەوی تاچەند ناوەرۆك و ئامانج وفێرکردنی جوگرافیای ئامادەیی لەسودان بەدەست دەهێنرێت ، تویژەر بۆگەیشتن بە ئامانجەکەی ڕێبازی وەسفی بەکارهێناوە ، نموونەی تویژینەوەکەی بریتیە لە (80)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مامۆستای جوگرافیا لە ڕەگەزی نێر و مێ لەنلوچە جیاجیاكانی وڵاتی سودان ، هەروەها تویژەر پشتی بە فۆرمی راپرسی بەستووە وەك ئامرازی تویژینەوەكەی بەمەبەستی كۆكردنەوەی داتاو زانیاری ، ئەنجامی تویژینەوەكە گەیشت بەوەی كە ئامانجەكانی بنەماكانی جوگرافیا لەپۆلی یەكەمی ئامادەیی ڕوون و ئاشكرایە بۆمامۆستایان ،بەڵام ئامرازەكانی خوێندنی پەرتوكەكە زۆر ڕوون نیە ، هەروەها زمانی پەرتوكەكە زمانێكی ئاسانە ڕەچاوی جیاوازی تاكایەتی كراوە .

### 1.2.2 سوودی توێژینەوەكانی پێشوو :

دوای تێڕوانین و بینینی تویژینەوەكانی پیشوو ، تویژەر سودی لە تویژینەوەكانی پیشوو بینیووە لەم ڕووانەی خوارەوە :

1ـ لە ڕووی دیزایینی تویژینەوە .
2ـ لەڕووی دارشتنی  ئامانجەكانی تویژینەوەكە .
3ـ لەڕووی چۆنیەتی بەكارهینانی هۆكارە ئاماریەكان .
4ـ لەڕووی هەڵبژاردن و دانانی ناونیشانی تویژینەوە .
5ـ لەڕووی چۆنیەتی هەلبژاردنی ڕێبازی تویژینەوەكە .

## 3:ڕێكاریەكانی توێژینەوەكە

### 1.3 ڕێبازی توێژینەوە :

ڕێبازی تویژینەوە ڕێگایەكە تویژەران پشتی پێ دەبەستن بۆناسینەوەی تایبەتمەندی دیاریدەكە ، لەسەر بنەمای وەسفكردنی دیاریدەكە بەوەسفكردنێكی ورد ، بەواتای دیاریكردنی دیمەنەكە هەروەك ئەوەی كە خۆی لە ڕاستیدا هەیە ، لەوانەیە وەسفكردنەكە بە ووشە بێت یان بە ژمارە بێت (العثمان ، 2009 ، ل 33).

ڕێبازی گونجاو بۆ ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە ڕیبازی وەسفی شیكاری ، چونكە سروشتی توێژینەوەكە و ئامانجەكانی پێویست دەكات كە توێژینەوەكە وەسفی بێت .

**2.3 نموونەی تویژینەوە :**

نموونەی توێژینەوە کۆکراوەیەکی بەشییە اە کۆمەڵگای تویژینەوە ، کەبە شیوەیەکی گونجاو لەلایەن تویژەر دەستنیشان دەکرێت و تویژینەوەکەی لەسەر ئەنجام دەدرێت ، پاشان ئەنجامی توێژینەکە بەکاردەهێنرێت و گشتاندنی پێ دەکرێت لەسەر تەواوی کۆمەڵگای تویژینەوەکە بەشیوەیەکی دروست (علی ، 2019، ل 160).

نموونەی ئەم تویژینەوەیە بریتیە لەپەرتوکی زانستە کۆمەلایەتییەکان لە قۆناغی نۆیەمی بنەرەتی سەر بەوەزارەتی پەروەردەی هەریمی کوردستانی عیراق بۆسالی خویندنی 2021-2022.

**3.3 ئامرازی توێژینەوە :**

هەڵبژاردنی ئامراز بۆهەرتوێژینەوەیەك یەکیکە لەمەرجە زانستیەکان بۆ ئەنجامدانی تویژینەوەکە ، دەبێت ئامرازەکە لەگەڵ سروشتی گۆراوەکانی تویژێژینەوەکە بگونجێت ، بۆیە ئامرازەکان جۆراوجۆرن لە توێژینەوە زانستیەکان دا بەکاردێت(جودە ، 2008 ، ل 19-20).

توێژەر پاش وەرگرتنی ڕای شارەزایان و گەڕانەوە بۆ چوارچیوە تیۆریەکانی هەڵسەنگاندنی پەرتووکی خوێندن و سوود وەرگرتن لە توێژینەوەی (أحمد ، 2009 ) هەڵسا بە ئامادەکردنی ئامرازی تویژینەوە ، کەتیایدا لیستی گرنگترین جۆرەکانی نەخشەی دانا بۆشیکردنەوەی ناوەرۆکی کتێبی زانستە کۆمەلایەتیەکان و دیاریکردنی شوێنی نەخشەکان هەریەك لە ( پێشەکی ، ناوەڕۆك ، کۆتایی ) و دۆزینەوەی ڕیژەی سەدی ، بەجۆرێك کۆی گشتی بڕگەکان بەر لەوەی پیشانی شارەزایان بدرێت بریتی بوو لە (33) برگە هەروەك لە دواتر لەلایەن شارەزایان هەندێك بڕگە سردرایەوە بڕگەکانی ئامرازەکە بۆ (٢٩) بڕگە کەم بووەوە ، خشتەی (3-1) بوار و ژمارەی بڕگەکان پیشان دەدات .

تویژەر لەڕیگای پڕکردنەوەی ئامرازی توێژینەوەکەی دابەشبوونی نەخشەکانی بەسەرهەریەك لە(پێشەکی،ناوەڕۆك،کۆتایی)، بۆ بەدیاردەکەوێت، دوای دیاریکردنی ڕێژەی سەدی نەخشەکان، ئەوەمان بۆڕوون دەبێتەوە کەئایا نەخشەکانی ناو پەرتووکەکە بەشێوەیەکی باش دانراون یاخوود نا؟

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**1.3.3 ڕاستی و دروستی توێژینەوە (الصدق ) :**

ڕاستگۆیی تاقیکردنەوە بریتیە لە ڕادەی گونجانی تاقیکردنەوەکە بۆ پیوانە کردنی ئامانجە ڕەفتاریەکان یان لایەنێکی دیاریکراو (محمود ، 2015 ، ل 77 )، بۆ لێکۆلینەوە لەڕاستگۆیی تاقیکردنەوەکە توێژەر چەند ریگایەکی گرتۆتەبەر لەوانە:

**1-ڕاستگۆیی ڕووکەشی (ڕاستگۆیی شارەزایان ) :**

ڕاستگۆیی ڕووکەشی یەکێکە لە پێداویستیەکانی دروستکردنی پێوەری پەروەردەیی و دەرونی و بەئاراستەکردنی بۆ کۆمەڵێك لە کەسانی تایبەتمەند و شارەزا بەدەست دێت ،کۆدەنگی ڕاوبۆچوونەکان لەسەری ئاماژەیە بۆ ڕاستگۆیی ئەم جۆرە پیوەرە (عودە ، 2002 ، ل 37).

توێژەر بۆدۆزینەوەی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی ئامرازەکەیان خستە بەردەستی ژمارەیەك لە شلرەزایان و پسپۆرانی بواری (ڕێگاکانی ولنەووتنەوەو پێوانەو هەڵسەنگاندن و دەرونزانی پەروەردەیی و پسپۆڕی جوگرافی ) بۆدەربڕینی ڕاو بۆچوونەکانیان لەسەر ڕوالەتی برگەکانی ئامرازەکە، داوایان لێکرا بەپێی شارەزایی و لیهاتوویان بڕیاربدەن بەزیادکردن یان لابردنی هەربرگەیەك کە پێشنیاری دەکەن.
بۆیە تویژەر بۆ لیکۆلینەوە لەم جۆرە ڕاستگۆییە هەڵسا بەدابەشکردنی ئامرازەکە بەسەر (11) کەس لە شارەزایان ، ئامرازەکە لە سەرەتادا لە (33) برگە پێکهاتبوو ، ئەوەبوو پاش دیاریکردنی وەلامی شارەزایان بە هاوکیشەی (جی کۆپەر – repooc.J ) وەبەدەستهێنانی ڕێژەی ڕازی بوون بریتیە لە (64،88 % ) بۆ کۆی گشتی برگەکان ، هەروەك لە پاشکۆی ژمارە (2) ئاماژەی بۆکراوە .
هەرکاتێك ڕیژەی کۆدەنگی پسپۆڕان گەیشتە 75% ئەوا بەپەسند دادەندرێت لەلایەنی ڕاستی ڕوالەتیەوە (السبعاوی ، 2005 ، ل 244).
بەپشت بەستن بەم ڕێژەیە هەریەك لەبڕگەکانی (4، 9، 16 .30) لە ئامرازەکە سڕدرانەوە و لادران چونکە ریژەی کۆدەنگی پسپۆڕانیان لەسەر نەبوو ، بەجۆرێك ڕێژەی کۆدەنگی شارازایان لە برگەی (4) گەیشتە (45،45%) و لە برگەی (9)گەیشتە (54،54%) و لەبڕگەی (16) گەیشتە(54،54%) لە بڕگەی (30) گەیشتە (63،63%) .

### 2.3.3 جێگیری (چەسپاوی ) ئامرازەکە :

پێوەری جێگیری بریتیە لەوەی کە ئەگەر دیاریدەیەك بۆجاری دووەم بەکار هات و هەمان ئەنجامی پێشوتری هەبێت و کەواتە ئەگەر دوبارە بکرێتەوە و جێبەجێبکرێت لەسەرهەمان نموونەو لەهەمان بارودۆخ دا هەرهەمان ئەنجامی هەبێت(الخیاط ، 2011 ، ل 62 ).

تویژەر بۆ دەرهێنانی نەگۆڕی شێوازی دووبارە جیبەجیکردنەوەی ئامرازەکە بەکارهیناوە ، بەم شیوەیە ئامرازەکە جیبەجێ کرا بەسەر (5) مامۆستا ، بەجۆرێك جیاوازی کات لەنێوان جێبەجێکردنی یەکەم و جیبەجیکردنی دووەم دوو هەفتە بوو ،جیبەجێکردنی یەکەم لە بەرواری 2022/4/2 و جیبەجێکردنی دووەم لەبەرواری 2022/4/16 ئەنجامدرا .

بۆ ژماردنی پێوانەکردنی جێگیری ئامرازی ئەم تویژینەوەیە تویژەر هەڵسا بەبەکارهینانی ڕێگای (**Alpha Cronbach**) بۆ ئاشکرا کردنی ڕادەی گونجاوی بڕگەکانی هەر ڕەهەندیك ، لە ئەنجامدا دەرکەوت بەهای جیگیری بە ڕێگای ( **Alpha Cronbach** ) گەیشتە (0،92) ، هەروەها تویژەر هاوکۆڵکەی پەیوەستبوونی پێرسون (Pearson Correlation Coefficient) بەکارهینا لەبەرئەوەی بەربڵاوترین ئارازە کەلەم بوارەدا بەکار دەهینرێت ، بۆدۆزینەوەی پەیوەندی نیوان جیبەجیکردنی یەکەم و دووەم کە (0،853) ئەمەش ڕێژەیەکی شیاو و پەسندە ، هەروەك لە خشتەی ژمارە (1-3) ڕوونکراوەتەوە:

### 4.3 وەسفی ئامرازەکە لەشێوەی کۆتایی :

ئەو نەخشانەی کەلەکتێبی پۆلی (نۆیەمی بنەڕەتی) بەکارهاتووە دابەش دەبن بەسەر دووبەش ئەوانیش :

**بەشی یەکەم / نەخشە سروشتییەکان :**

**خشتەی ژمارە (1-3) :نەخشە سروشتییەکان**

| ژمارە | بواری نەخشەکان | جۆری نەخشەکان |
|---|---|---|
| 1 | نەخشەکانی پیکهاتەی سروشتی ڕووی زەوی | _ نەخشەی چیاکان<br>_ نەخشەی بانەکان<br>_ نەخشەی دەشتەکان |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | |
|---|---|---|
| | | _ نەخشەی بیابانەکان |
| 2 | نەخشەکانی دەرامەتی ئاو | _ نەخشەی ڕووبارەکان<br>_ نەخشەی دەریاچەکان<br>_ نەخشەی چەمە وەرزیەکان<br>_ نەخشەی کەنداوەکان<br>_ نەخشەی زۆنگ و زەڵکاوەکان<br>_نەخشەی بەنداوەکان |
| 3 | نەخشەکانی ئاووهەوا | _ ئەونەخشانەی ڕیژەی باران بارین پیشان دەدەن<br>_ ئەونەخشانەی تێکڕای پلەی گەرمی پیشان دەدەن<br>_ ئەونەخشانەی هەرێمەکانی ئاوو هەوا پیشان دەدەن |
| 4 | نەخشەی شوینی جوگرافی | _ ئەونەخشانەی ولاتانی دەوروبەر پیشان دەدەن<br>_ ئەونەخشانەی نزیکترین رووبەرە ئاویەکان پیشان دەدەن<br>_ ئەونەخشانەی بازنەکانی پانی پیشان دەدەن<br>_ ئەونەخشانەی هێڵەکانی درێژی پیشان دەدەن |

## بەشی دووەم / نەخشە مرۆییەکان :

### خشتەی ژمارە (2-3) :نەخشە مرۆییەکان

| ژمارە | بواری نەخشەکان | جۆری نەخشەکان |
|---|---|---|
| 1 | نەخشەکانی کارگێڕی | _ ئەونەخشانەی سنوری نێودەوڵەتی پیشان دەدەن<br>_ ئەونەخشانەی سنوری هەرێم پیشان دەدەن<br>_ ئەونەخشانەی سنوری پارێزگاکان پیشان دەدەن<br>_ ئەونەخشانەی سنوری قەزاکان پیشان دەدەن<br>_ ئەونەخشانەی سەنتەری هەرێم پیشان دەدەن<br>_ ئەونەخشانەی سەنتەری پارێزگاکان پیشان دەدەن<br>_ ئەونەخشانەی سەنتەری قەزاکان پیشان دەدەن |
| 2 | نەخشەکانی دانیشتوان | _ ئەونەخشانەی چڕی دانیشتوان پیشان دەدەن |
| 3 | نەخشەکانی ئابوری | _ ئەونەخشانەی جۆرەکانی بەرووبوومی دانەوێڵە پیشان دەدەن<br>_ ئەونەخشانەی دابەشکردنی سامانی کانزایی پیشان دەدەن |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | |
|---|---|---|
| _ ئەونەخشانەی ڕێگاکانی گواستنەوەو گەیاندن پیشان دەدەن<br>_ ئەونەخشانەی شوینی بەرهەمهینانی نەوت و گازی سروشتییپیشان دەدەن | | |

**5.3 ڕێگاکانی جێبەجێکردنی ئامرازەکە :**

پاش دڵنیابوونی توێژەر لە ڕاستی و نەگۆڕی ئامرازەکە توێژەر هەلسا بە شیکردنەوەی پەرتووکی زانستە کۆمەلایەتیەکان ، بەشی جوگرافیا ، دابەشکردنی جۆری نەخشەکان بەسەر (پێشەکی ، ناوەڕۆك ، کۆتایی ) بۆئەوەی بزانین ڕێژەی چەندی نەخشەکانی کەوتوونەتە پێشەکی بابەتەکان ، بۆ ناوەڕۆك و کۆتاییش بەهەمان شێوە .

**6.3 هۆکارە ئامارییە بەکارهاتووەکان :**

توێژەر بەشـێوەیەکی گشـتی هەگبەی ئاماری ( SPSS – Version21 ) بەکارهێناوە بۆ دەرهێنانی ئەم هۆکارە ئامارییانەی خوارەوە لەتوێژینەوەکەیدا :

**1- هاوکێشەی جی کۆپەر ( J.Cooper Formula ) :**

بەکارهێنراوە بۆ دۆزینەوەی ڕێژەی ڕازیبوونی شارەزایان لەسەر بڕگەکانی ئامرازی تویژینەوەکە:

$$\text{ڕێژەی ڕازیبوون} = \frac{\text{ژمارەی شارەزایانی ڕازیبوو}}{\text{کۆی گشتی ژمارەی شارەزایان}} \times 100$$

( محەمەد ، 2015 ، ل131 )

**2-هاوکێشەی پەیوەستبوونی پیرسون :**

ئەم هاوکێشـەیە بەکارهێنراوە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان جێبەجێکردنی یەکەم و جیبەجیکردنی دووەمی ئامرازی تویژینەوەکە :

$$r = \frac{n(\sum xy)-(\sum x)(\sum y)}{\left[\sqrt{\{n\sum x^2-(\sum x)^2\}\{n\sum y^2-(\sum y)^2\}}\right]}$$

( البلداوي ، 2007 ، ص169 )

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**3-هاوکێشەی ئەلفا کرونباغ ( α: Alpha Cronbach) :**

بەکارهێنراوە بۆ هەژمارکردنی هاوکۆلکەی جێگیری بۆئامرازی تویژینەوەکە :

$$\alpha = \left(\frac{k}{k-1}\right)\left(1-\frac{\sum_{i=1}^{k}\sigma^2 y_i}{\sigma^2 x}\right)$$

علام (2000)وەرگیراوە لە( باپیر ، 2019 ، ص122)

## ٤:خستنە ڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەو تاوتوێکردنیان :

*** ستاندارەکانی بەکارهێنانی نەخشە لەپەرتووکی زانستەکۆمەڵایەتییەکان لە قۆتاغی بنەڕەتی :**

- پێویستیە نەخشەکان ئامانجێک یان کۆمەڵێک ئامانج بەدەست بهێنرێت و دوور بکەویتەوە لە کەموکوڕی یان شێواندن کە لەوانەیە ڕووبدات لە هەندێک پێشبینیدا .

2- پێویستە نەخشەکە لە زانیاریەکانیدا ورد بێت و بە چاپی ڕوون چاپ بکرێت.

3- ناونیشانی نەخشەکە بە ڕوونی ئاماژە بەوە بکات کە نەخشەکە باسی چی دەکات.

4-پێویستە پێوەرەکەی وێنەکێشانەکە بە ڕوونی ئاماژەی پێبدرێت، وە ئەم پێوەرە ئاسان بێت بۆ خوێندنەوە.

5- پێویستە ئەو هێما ستانداردانە بەکاربهێنرێت کە لە ئاستی ناوخۆیی یان نێودەوڵەتیدا ناسراون و خوێندنەوە و لێکدانەوەیان ئاسانە.

6- هێڵی درێژی و پانی لەسەر نەخشەکە بکێشرێت بەتایبەتی سەرەکیەکان.

7- نوسین لەسەر نەخشەکە بخوێنرێتەوە و ڕوون بێت.

8- پێویستە ڕەنگەکان ڕوون بن و لە جۆری ئاسایی بن و تا دەتوانرێت ڕووناک یان بریقەدار بن.

9- نەخشەی دیوارەکان ئەوەندە گەورە بن کە هەموو قوتابیانی ناو پۆل بە ڕوونی بیبینن.

10- پێویستە نەخشەکان بەهێز بن بۆ ئەوەی بتوانرێت بۆ ماوەیەکی زۆر بەکاربهێنرێت.

11- دروستکردنی نەخشە هەرزان بێت یاخود نرخێکی مامناوەند بێت لەکاتی کڕیندا(سعادە، 2001، ل 400-401)

بەپێی ئەو ئامانج و پرسیارانەی لەبەشی یەکەمی تویژینەوەکەمان دامانابوو ، بەم ئەنجامەکانی تویژینەوەکە جۆرەی خوارەوە بوو :


گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**خشتەی ژمارە(4-3) :نەخشەکانی پەرتووکەکە**

| | پێشەکی | ناوەڕۆك | کۆتایی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|
| کۆی گشتی دووبارەبوونەوە | 12 | 17 | 15 | 44 |
| ڕێژەی سەدی | 27،27% | 38،64% | 34،09% | 100% |

بەپێی ئەم ئەنجامانەی لەخشتەی ژمارە (4-3) هاتووە بەشێوەیەکی گشتی ئاماژە بەدابەش بوونی نەخشەکان لە هەریەك لە (پێشەکی ، ناوەرۆك ، کۆتایی ) پەرتووکی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی کراوە لەهەردوو بەشی ( عیراق ـ هەریم )لە بابەتی جوگرافیا ، بەجۆرێك ڕێژەی 27،27% نەخشەکانی پەرتووکەکە کەوتۆتە بەشی پێشەکی بابەتەکان ، لەبەرامبەریشدا ڕێژەی 38،64%ی نەخشەکان کەوتۆتە بەشی ناوەرۆکی بابەتەکانی پەرتوکە ، هەروەها ریژەی34،09% ی نەخشەکان کەوتوونەتە بەشی کۆتایی بابەتەکان لە پەرتوکەکە ، ئەم ئەنجامەش ئەوەمان پێ دەلیت کە نەخشەکان لە پەرتووکەکە بە شێوەیەکی یەکسان دابەش نەبوون ، بە جۆرێك زۆرترین ریژەی نەخشە کەوتۆتە ناوەرۆکی بابەتەکان لەبەرامبەردا کەمترینی کەوتۆتە بەشی پێشەکی بابەتەکان لەپەرتووکەکە ، هەروەك لە شێوەی (4-11)بەدیار دەکەوێت ،ئەگەر ئەم ئەنجامانە بەراورد بکەین بە تویژینەوەی (أحمد ، 2009 ) لە وڵاتی فەڵەستین دەبینین ئەنجامەکانی بەم شێوەیە بوون ، ڕێژەی 1،7% نەخشەکان کەوتوونەتە پێشەکی بابەتەکان و ڕێژەی 65% کەوتۆتە ناوەڕۆکی بابەتەکان و ریژەی 30 % کەوتۆتە چالاکی و ڕێژەی 3،3% ی نەخشەکان کەوتۆتە بەشی هەڵسەنگاندن ، بەمەش زۆرترین ڕێژەی نەخشەکان لە توێژینەوەی (أحمد ، 2009 ) کەوتۆتە ناوەڕۆکی بابەتەکان ، هەروەها لەم تویژینەوەیەش بەهەمان شێوە زۆرترین ڕێژەی نەخشەکان کەوتۆتە بەشی ناوەڕۆکی بابەتەکان .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)





شێوەی ژمارە (1-4)دابەش بوونی نەخشەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان

**خشتەی ژمارە(4-4) :نەخشەکانی عێراق**

| | پێشەکی | ناوەڕۆک | کۆتایی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|
| کۆی گشتی دووبارەبوونەوە | 7 | 12 | 2 | 21 |
| ڕێژەی سەدی | 33،33% | 57،14% | 9،53% | 100% |

بەپێی ئەم ئەنجامانەی لەخشتەی ژمارە (4.4) هاتووە بەشێوەیەکی گشتی ئاماژە بەدابەش بوونی نەخشەکان لە هەریەك لە (پێشەکی ، ناوەرۆك ، کۆتایی ) پەرتووکی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی کراوە لەبەشی( عێراق )، بەجۆرێك ڕێژەی 33،33% ی نەخشەکانی بەشی عێراق کەوتۆتە بەشی پیشەکی بابەتەکان ، لەبەرامبەریشدا ڕێژەی 57،14% ی نەخشەکان کەوتۆتە بەشی ناوەرۆکی بابەتەکان ، هەروەها ڕێژەی9،53% ی نەخشەکان کەوتوونەتە بەشی کۆتایی بابەتەکان لەعێراق ، ئەم ئەنجامەش ئەوەمان پێ دەڵێت کە زۆرترین ڕێژەی نەخشە کەوتۆتە ناوەڕۆکی بابەتەکان لەبەرامبەردا کەمترینی کەوتۆتە بەشی کۆتایی بابەتەکان لەنەخشەکانی بەشی عیراق، هەروەك لەشێوەی (2.4) بەدیاردەکەوێت .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)





شێوەی ژمارە (4-2)دابەش بوونی نەخشەکانی عیراق

**خشتەی ژمارە(4-5) :نەخشەکانی هەرێمی کوردستان**

| | پێشەکی | ناوەڕۆك | کۆتایی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|
| کۆی گشتی دووبارەبوونەوە | 5 | 5 | 13 | 23 |
| ڕێژەی سەدی | 21،73% | 21،73% | 56،5٤% | 100% |

بەپێی ئەم ئەنجامانەی لەخشتەی ژمارە (4-5) هاتووە بەشێوەیەکی گشتی ئاماژە بەدابەش بوونی نەخشەکان لە هەریەك لە (پێشەکی ، ناوەرۆك ، کۆتایی ) پەرتووکی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی کراوە لەبەشی(هەرێمی کوردستان )، بەجۆرێك ڕێژەی 21،73% نەخشەکانی هەرێمی کوردستان کەوتۆتە بەشی پێشەکی بابەتەکان ،هەروەها بەهەمان شێوە ڕێژەی 21،73% ی نەخشەکان کەوتۆتە بەشی ناوەرۆکی بابەتەکان ، لەبەرامبەریشدا ڕێژەی56،54% ی نەخشەکان کەوتوونەتە بەشی کۆتایی بابەتەکان لەهەرێمی کوردستان ، ئەم ئەنجامەش ئەوەمان پێ دەڵێت کە زۆرترین ڕێژەی نەخشە کەوتۆتە کۆتایی بابەتەکان لەبەرامبەردا نەخشەکانی تر بەشێوەی یەکسان کەوتۆتە بەشی پیشەکی و ناوەڕۆکی بابەتەکان لەنەخشەکانی بەشی هەرێمی کوردستان ،،هەروەك لەشێوەی (3.4) بەدیاردەکەوێت .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




شێوەی ژمارە (4-3)دابەش بوونی نەخشەکانی هەرێمی کوردستان

**خشتەی ژمارە (4-3) :ڕێژەی بەکارهێنانی جۆری نەخشەکان لە پەرتووکی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی**

| ژ | جۆری نەخشەکان | ڕێژەی سەدی لەم توێژینەوە | ڕێژەی سەدی لەم توێژینەوەی(احمد ، 2009 |
|---|---|---|---|
| 1 | نەخشە سروشتییەکان | 58،60 % | 60 % |
| 2 | نەخشە مرۆییەکان | 41،40 % | 40% |

لە بارەی ڕێژەی بەکارهێنانی نەخشە سروشتییەکان ونەخشە مرۆییەکان پەیوەندیەکی نزیك هەیە لە نێوان توێژینەوەی ( أحمد ، 2009 ) لە گەڵ ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ،بەجۆرێك لە تویژینەوەی (أحمد ، 2009) ڕێژەی بەکارهینانی نەخشە سروشتیەکان گەیشتە 60% ، لەکاتێکدا لەم توێژینەوەیە ڕێژەی بەکارهینانی نەخشە سروشتیەکان گەیشتە % 58،60 ،هەروەها ڕێژەی بەکارهێنانی نەخشەمرۆییەکان لە تویژینەوەی (أحمد ، 2009) گەیشتە % 40 ، بەڵام ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەریانخست کە ڕێژەی بەکارهێنانی نەخشە مرۆییەکان بریتییە لە لەم توێژینەوەیە گەیشتە % 41،40، بەمەش جیاوازیەکی زۆر کەم لەنیوان هەردوو توێژینەوەکە دا هەیە .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 5:دەرئەنجام و ڕاسپاردەو پێشنیار :

### 1.5 دەرئەنجام :

1ـ زۆرترین ڕێژەی نەخشەکان کەوتوونەتە بەشی ناوەڕۆکی بابەتەکان، بەڕیژەی %38،63 و کەمترینیشی کەوتۆتە پێشەکی بابەتەکان بەڕێژەی % 27،27 لەپەرتووکەکەدا.

2- جیاوازی زۆر لە دابەش بوونی نەخشەکان لەنێوان هەردوو بەشی جوگرافیای عیراق و هەرێمی کوردستان هەیە، بەجۆرێك لەعیراقدا زۆرترین نەخشەکان کەوتۆتە بەشی ناوەڕۆکی بابەتەکان بەڕێژەی %57،14، لە بەرانبەریشدا لەهەرێمی کوردستان زۆرترین نەخشەکان کەوتوونەتە بەشی کۆتایی بابەتەکان بەریژەی % 56،52.

دوای ڕاوێژ و گفت و گۆ لەگەڵ پسپۆڕانی جوگرافی و نەخشە، سەبارەت بە دابەشبوونی نەخشەکان، لە نێوان (پێشەکی،ناوەڕۆك،کۆتایی)، ئەوان پێیان وایە باشترین شوێن بۆ دانانی نەخشەکان لەناو پەرتووکەکەدا، ناوەڕۆکی بابەتەکانە بە جۆرێك شانبەشانی باسکردنی بابەتەکان نەخشەکانیش لەگەڵیان دابنرێت، ئەوان پێیان وایە دانانی نەخشەکان لە ناوەڕۆك قوتابی تووشی مەلەل و ماندووبوون ناکات و لەگەڵ لایەنی تیۆری بابەتەکە نەخشەکەی لەبەرچاو دەبێت، بەپێی ئەو ستاندارنەی نەخشە کە خراونەتەڕوو، دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوەمان پێدەڵێت، نەخشەکانی پەرتووکەکە لەئاستێکی باش دانییە، دەبێت پێداچوونە بە نەخشەکان لەپەرتووکەکەدا بکرێت، بەمەبەستی بەرەوپێشبردنی.

3ـ توێژینەوەکە گەیشت بەوەی کە نەخشە سروشتییەکان بەڕیژەی % 58،60 نەخشە مرۆییەکان بەڕێژەی % 41،40 لەپەرتووکەکەدا بەکارهاتووە .

### 2.5 ڕاسپاردە :

1ـ دوبارە چاوخشاندنەوە بە پەرتووکی کۆمەڵایەتی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لەلایەن دانەرانی پرۆگرامی بابەتە کۆمەلایەتییەکان ،بەمەبەستی زیاتر بەرەوپێشبردنی پەرتووکەکە و درووستکردنی یەکسانیەك لە دابەش نەبوونی نەخشەکان لەنیوان پێشەکی و ناوەرۆك و کۆتایی بابەتەکان .

2ـ کوالێتی نەخشەکان بەرزتر بکرێت ، بەجۆرێك نوسینی ناو نەخشەکان ڕوونتر و دیارتر بێت .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3ـ پێویستە لەسەر بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردەو دانەرانی پرۆگرامەکانی خوێندن سوود لە ئەزموون و پەرتووکی وڵاتانی پیشکەوتوو وەربگرن ،لەهەڵبژاردنی جۆر و شوێنی نەخشەکان لەناو بابەتەکاندا .

### 3.5 پێشنیار :

1ـ ئەنجامدانی توێژینەوەیەك لەسەر كاریگەری بەکارهێنانی نەخشە بۆ تێگەیشتن لە بابەتەکان لە پەرتووکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە قۆناغی بنەڕەتی .

2ـ ئەنجامدانی تویژینەوەیەك لەسەر کارامابیەکانی نەخشەو شیکردنەوەی لەلایەن قوتابیەوە .

3ـ ئەنجامدانی تویژینەوە لە بارەی ئاستەنگەکانی بەردەم بەکارهێنانی نەخشە لای مامۆستایان لەبابەتی جوگرافیا لە قۆناغی بنەڕەتی .

## سەرچاوەکان :

**یەکەم / سەرچاوە کوردییەکان :**

- حەداد،هاشم یاسین أمین وسردار محمد عبدالرحمن و هوشیار محمدأمین خوشناو(2009):ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عیراق و جیهان ،چ1 ،هەولێر

- سەعید،فواد خالد(2017):نەخشە سازی و دروستکردنی نەخشە بەسیستەمی زانیارییە جوگرافیەکان ( GIS )،چ2 ، چاپخانەی ناوەندی سارا ، سلێمانی .

-قادر،ڕەمەزان حەمەدەمین(2016):پێوانەو هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی ،چ1 ،چاپخانەی چوارچرا ، سلێمانی

- قەرەچەتانی ،کەریم شەریف (2013):سایکۆلۆژیای پەروەردەیی ، چ 2 ،چاقخانەی پەیوەند ، سلێمانی

- محمد،ئارام(2005):هەڵسەنگاندنی بەرنامەکانیمافی مرۆڤ لە قۆناغەکانی خوێندندا ،چاپخانەی ئازادی ، سلێمانی .

- نەقشبەندی،ئازاد.ئەوانیتر(1998):جوگرافیای هەرێمی کوردستان ،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر .

**دووەم / سەرچاوە عەرەبییەکان :**

- أبورازی,فتحی عبدالعزیز(2006):تقنية نظم المعلومات الجغرافية , دار المعريفة,بيروت.
- ال طعمه ,حسام صاحب (2012):تصميم عناصر الخارطه الموضوعية , تقيم عناصر الخرائط أطاريح الدكتوراه فى القسم الجغرافيا , كلية أداب , جامعة بغداد.

- البلداوى ,عبدالحميد عبدالمجيد(2016): أثر أستراتيجية (فكر , زاوج , شارك) فى تنمية المفاهيم ومهارات التفكير الآستدلالى بالتربية الاسلامية لدى طلاب الصف التاسع الاساسى بغزة , قسم المناهج وطرق التدريس , كلية التربية ,جامعه الاسلامية – غزه .
- الجمل.على أحمد(2005):تدريس التاريخ فى ألقرن حادى والعشرين , عالم الكتب , ط1,القاهرة.
- الجوهرى,يسرى(2007):الخرائط الجغرافية , الآسكندرية , مكتبه الاشعاع للطباعة والنشر .
- الخطيب ,أحمد وأخرون(1985):دليل البحث والتقويم التربوى ,دارالمسقبل للنشروالتوزيع , عمان.
- الخلف،جاسم محمد (1959):جغرافية العراق ،مطبعةدار المعريفة،قاهرة .
- الخياط,فراس أكرم(2011):التدريس وفق أستراتيجية(h.l.w.k) الطرق المخططهوأثرها فى تحقيق التحصيل المعرفىوالجانبى التطبيقى والراعى بالعمليات اليومية لكرة الطائرة ,أطروحة دكتوراه ,جامعة صلاح الدين.
- الدليمى, خلف(2007): الآتجاهات الحديثة في البحث العلمى الجغرافي, ط1, دار صفاء للنشر, عمان, الآردن.
- الكبيسى, عبدالواحد حميد(2007): القياس التقويم تجديدات و مناقشات ,ط1, دار الحديد للنشر والتوزيع, عمان.
- الروسان,فاروق(1999):أساليب القياس والتشخيص فى التربية الخاصة, دار الفكر للطباعة,ط1,عمان.
- الزوكه ,محمد خميس(2000):الجغرافية الاقتصادية,دار المعرفة الجامعية , كلية أداب , جامعى الآسكندرية ,مصر.
- الساموك,سعدون محمود و هدى على الشمرى(2015):التقويم التعليم التربيةالآسلامية,دار الوائل للنشر, ط1 ,عمان
- السبحاوى ,فضيلة عرفات محمد سلمان(2005):الخجل الآجتماعى وعلاقته باساليب المعاملة الوالدية وبعض السمات الشخصية لدى طلبة جامعة الموصل ,جامعة الموصل , كلية التربية(أطروحة دكتوراه .
- الظاهرزكريا محمدوأخرون(1999):مباديء القياس والتقويم فى التربية,دار الثقافة للنشر ,ط1 , بغداد.
- اللقانى,أحمد وأخرون(1995):تدريس المواد الآجتماعية,عالم الكتب و القاهرة.
- جامل،عبدالرحمن عبدالسلام (2001):الكفايات التعليميةفى القياس والتقويم وأكسابها بالتعليم الذاتى , دار المناهج للنشر , ط 2 , عمان .
- جوة,محفوظ(2008):التحليل الاحصائى الاساسي بأستخدام spss ،دار الوائل للنشر,الاردن , عمان.
- داود,جمعة محمد (2013):المدخل الى الخرائط,مكة الكرمة.
- سرحان،دمرتاش عبدالحميد ، كامل،منير (1972):المنهج ، دار الثقافية ، مصر ، القاهرة .
- سحادة, جودت أحمد و أبراهيم, عبداللة محمد( 2001): تدريس مهارات الخرائط, ونماذج الكرة الآرضية, ط 2, دار الشروق للنشر والتوزيع, عمان.
- سطيحة, د.محمد محمد (1977):جغرافية العملية وقراءة الخرائط,دار النهضةالعربية,بيروت.
- عثمان,باسم عبدالعزيز(2009):مناهج البحث الجغرافى وتطبيقها في الجغرافياالبشرية,ط1,دار السياب للطباعةوالنشر والتوزيع ,الآردن .
- علام,صلاح الدين محمود (2000):القياس والتقويم التربوى والنفسي:أساسياته وتطبقاته وتوجيهاته المعاصرة , ط1,دار الفكر العربى للنشر والطبع , القاهره – مصر.
- عودة,أحمد(2002):القياس التقويم فى العملية التدريسية,دارالآمل للنشروالتوزيع,الآردن .
- فليجة,د.أحمد نجمالدين(2005):الجغرافية العمليةوالخرائط,مركز الاسكندرية للكتاب , اسكندرية.
- محمد , نهلة نورالدين (2015): أثر استخدام بعض أستراتيجيات نظرية (TRIZ) فى التحصيل وتنمية الآتجاهات العلمية فى المادة العلوم للجميع لدى تلميدات الصف السادس الآساس , رساله ماجستير(غير منشوره) كليه التربية الآساس ,جامعة سلاحددين , أربيل , اقليم كردستان – عراق .
- محمود,خيلان أبوبكر(2015):اثرأستخدام أنموذج frayer في التحصيل وتنميه التفكير الآبداعى فى الماده العلوم للجميع لدى تلاميد الصف الخامس الآساس , رسالة كاجستير (غير المنشوره)كليه التربية الآساس ,جامعة سلاحددين , أربيل , اقليم كردستان – عراق .
- مصطفى،احمد احمد(2000):الجغرافيا العمليةوالخرائط،دارالمعريفه الجامعية ،الآسكندرية.
-على,محمدسرحان(2019):مناهج البحث العلمى ,ط3,دار الكتب للنشروالتوزيع ,صنعاء- اليمن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**سێیەم/سەرچاوە بەزمانی ئینگلیزی :**

26p, 1 .n, quarterly educause ,education distance for strategies evaluation ,success-20 – measuring :( 2002),other and , lockee,barbara

**چوارەم/سەرچاوەی ئەلیکترۆنی :**

عناصر_الخريطة- mawdoo3.com

## الملخص

هدفت هذه هذه الدراسة هى تقويم استخدام الخرائط وتحديد نسبة الخرائط على كل من (المقدمة ، المحتوى ، الخاتمة) فيكتبمواد الاجتماعيات،وايظا مدى معرفة استخدام الخرائط الطبيعية والبشرية في الكتب.

ولقد استخدمت الدراسة المنهج الوصفي التحليلي،عينة الدراسة هى كتاب مادة الاجتماعية للصف التاسع الأساسى،بعد أخذ رأي الخبراء والعودة إلى الأطار النظري، لتقويم الكتاب الدراسينستفيد من بحث (أحمد ، 2009) قام الباحثباعداد أداة البحث،بعد تحقيق الصدقوالثبات، تم استخدام عدة طرائق إحصائية على الأداة مثل (معادلة جى كوبر ، الفا كرونباخ وعلاقة بيرسون).

اظهرت النتائجالدراسة، هى: تقع أعلى نسبة خرائط في قسم محتوى الكتب بنسبة(38.64٪) وأقل نسبة تقع في المقدمة بنسبة(27.27٪)،تم استخدام الخرائط الطبيعية بنسبة 58.60٪ والخرائط البشرية بنسبة 41.40٪، ، معايير الخرائط هذه ليست بشكل عام خرائط أساسية جيدة للمطاط في كتاب الصف التاسع ، ويجب مراجعتها.

## Evaluating The Use of Maps in Social Sciences / Geography Books in The Kurdistan Region / Iraq

**Aram Gareeb Qadir**
Department of Physical, College of Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
aramgareb1@gmail.com

**Serwan Arab Sadiq**
Department of Physical, College of Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
serwan.sadiq@su.edu.krd

***Keywords**: Assessment, Map, Social Sciences, Basic, Region*

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## Abstract

The aim of this study is to evaluate the use of maps and determine the percentage of maps for each (introduction, content, and conclusion) in social science books, and to know the percentage of natural and human maps usage in this book.

The analytical descriptive approach is used and the sample of the study is the social science book of the ninth grade of primary school. The researcher after taking the opinion of experts and returning to the theoretical frameworks of evaluating the textbooks, getting benefit of Ahmed's research (Ahmed, 2009). The research employed several research tools, after checking validity and reliability. Several statistical methods were used on the tool such as (Equation ofJay Copper, Alpha Cronbach, Pearson Relationship).

As a result, the highest percentage of maps is in the content section (38.64%) and the lowest percentage of maps is in the introduction section (27.27%). The usage of natural maps are 58.60% percent and the usage of human maps are 41.40% percent, these map standards are generally not good base maps for rubber in a 9th grade book, and should be reviewed.